کۆلیژی زمان
بەشی کوردی
قۆناغی سێیەم
رستەسازی تیۆر

# رستەی لێکدراو


## د.رێژنە سیف الدین حسن

تریر یر-یریر یر

Rezhna.hasan@su.edu.krd

## یر- رستەی لێكدراو :

ئەو جۆرە رستانەن كە لە رستەیەك زیاتر پێك دێن بەهۆی ئامرازی لێكدەرەوە لێكدەدرێن، واتە ئەو رستانەن كە لەكارێك زیاتریان تێدایە. بە پێی جۆری ئامرازە لێكدەرەكە رستەی لێكدراو پۆلێن دەكرێت بۆ چوار جۆری سەرەكی :

أ- رستەی لێكدراوی هاورێك.

ب-رستەی لێكدراوی هەڵبژاردە.

ج-رستەی لێكدراوی پێچەوانە.

د- رستەی لێكدراوی نەرێ.

## أ- رستەی لێکدراوی هاورێك :

**جۆرێکە لە رستەی لێکدراو ، لە دوو رستە یان زیاتر پێکدێت ،کە بە هۆی ئامرازی لێکدەرەوە رستەکان لێکدەدرێن ، کاری رستەکان لەرووی ئە نجامدانەوە هاورێکن و بەزۆری لە دۆخی ئەریٚ دان و هەمان ئاراستە وەردەگرن.گرنگترین ئامرازەکانی ئەم جۆرە رستەیە بریتیە لە ( و – ، – هەروەها – ئینجا – .....هتد )**

- **من نانم خوارد ئینجا چووم بۆ زانکۆ.**
- **هاتم و رۆیشتم.**

**هەریەك لە رستەکانیش لە رستەیەکی سادە پێکهاتووە دەکریٚ سادەترین رستەی سادە یان رستەی سادەی ئاسایی یان رستەی سادەی فراوانکراو بێت.**

## ب- ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردە:

**جۆرێکە لە ڕستەی لێکدراو ، لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت ، لەم جۆرە ڕستەیەدا یەکێك لەکارەکان بە هەڵبژاردن جێ بە جێ دەکرێت ،**

**گرنگترین ئامرازەکانی ئەم جۆرە ڕستەیە بریتین لە ( یان...یان ، یا...یا ، چ....چ ، یا،....هتد.**

- **یان دانیشە یان بڕۆ.**
- **دانیشە یا بڕۆ.**
- **چ لێرە دەبی چ دەڕۆی.**
- **یا من یا ئەو دەچین.**

## ج- ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە :

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو ، لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت ، ئەم جۆرە ڕستەیە دژایەتی نێوان دوو دیاردە یان دوو بیر یان دوو ڕووداو نیشاندەدات ، واتە ڕستەی دووەم پێچەوانەی ڕستەی یەکەمە ، ئامرازەکانی ئەم جۆرە ڕستەیە بریتین لە : ( بەڵام ، لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەگەرچی ، گەرچی ، کەچی ،....هتد )

- ئارام دەرنەچوو ، ئەگەرچی زیرەکە.
- ئەوان کۆششیان کرد ، بەڵام دەرنەچوون.
- ئەوان بەڵنیاندا بێن، کەچی نەهاتن.

## د- رستەی لێكدراوی نەرێ:

جۆرێكە لە رستەی لێكدراو ، لە دوو رستە یان زیاتر پێكدێت ، لە شێوەی نەرێدان و هیچ یەك لە كارەكان جێ بەجێ ناكرێن ، ئامرزای (نە...نە ) لەگەڵ ئەم جۆرە رستەیە بەكاردەهێنرێت.

- نە دێت نە دەروات.
- نە نان دەخوات نە دەرمان دەخوات.
- نەكار دەكات نە دەخوێنێت.

## بەراوردی رستەی سادە و رستەی لێکدراو :

| رستەی سادە | رستە لێکدراو |
|---|---|
| -لەیەك رستە پێکدێت. | - لە دوو رستە یان زیاتر پێکدێت. |
| -یەك کاری تێدایە . | - لە کارێك زیاتر تێدایە . |
| - ئامرازی لێکدەری تێدا نیە . | -بە هۆی ئامرازی لێکدەر رستەکان لێکدەدرێت. |
| - سێ جۆری هەیە بە پێی دەرکەوتنی کەرسە سەرەکی و ناسەرەکیەکان جیادەکرێتەوە. | - چوار جۆری هەیە بە پێی جۆری ئامرازە لێکدەرەکان جیادەکرێنەوە. |
| -ئەوان رۆیشتن. | - ئەوان هاتن و رۆیشتن. |